سەید حەکیم پەشوازی لە کارگێری کارکانی باڵیۆزی ئەمریکا لە عیراق کرد و کرانەوە و هاوسەنگی نێودەوڵەتی دووپاتکردەوە

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی پەشوازی لە بەڕێز جەش هاریس کرد کە کارکانی باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە بەغدا کرد.

سەماحەتی حەکیم پیرۆزبایی وەرگرتنی پۆستە تازەکەی لەکرد و هیوای سەرکەوتنی لە بەڕێوەبردنی نەردەی دیپلۆماتی ئەمریکا لە بەغدا کرد بە شێوەیەك کە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو ولات پتەوتر بکات، کە لەسەر ڕێز و بەرژەوەندی هاوبەش بێت، سەماحەتی حەکیم گوتیشی عیراق سیاسەتی کرانەوەی بەڕووی هەمووان پەیرەو کردوە، هەروەها دەیەوێت باشترین پەیوەندی لەگەڵ ولاتانی ناوچەکە و جیهان دروست بکات، بەمەرجێك سەروەری نیشتمانی پارێزراو بێت و ڕێچاوی بەرژەوەندییەکانی بکرێت.

سەماحەتی ئاماژەی بەوەدا کە ئەو دەخە سەقامگیرییەی ئەمڕۆ عێراق بەخەیەوە دەبینێت، ئەنجامی قوربانیدانی گەل و پابەندبوونیانە بەیەکەیزیی نیشتمانی لەبەرامبەر ئاستەنگ و کابەرییەکان و ڕوونیکردەوە کە ئەم سەقامگیرییە یارمەتیدەر بووە بە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی عێراق.
سەید حەکیم جەختی باسی لە گرنگی پشتیوانیکردن لە سەقامگیری ناوچەکە کرد و بە ئەولەویەتی دانا و گوتیشی زمانی دیالۆگ و هەشیارانە دەبێت پەشینە بێت بە چارەسەرکردنی قەیرانەکان و دووپاتیشی کردەوە کە گرژییەکان سوودی بە کەس نییە بەڵکو زیان بە هەمووان دەگەیەنێت و دەرفەتکانی ئاشتی و گەشەپەدان پەك دەخات..

سەبارەت بە دەخی ناوخە، بەڕێز حەکیم داوای کرد بەشداری کردنی فراوان و هەشیارانە لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوو بکەن، لەگەڵ دووپاتکردنەوە لەسەر گرنگی هەڵبژاردنی بەرپرسیاری باش و گونجاو لەنێو لیستەکان لەوانەی دەتوانن خواستی گەلی عیراق لە بنیاتنان و خزمەتگوزاری ئەنجام بدەن.